# نامەیەکی کراوە بۆ خەڵکی شارەکەم (کەلار )

مەحمود محەمەد عوسمان
هۆلەندا

لەگەڵ هاواری تاساوتانم کە رەنگدانەوەی بێ بەهرەمەندبوونە لە سادەترین پێویستیەکانی ژیان ( ئاو و کارەبا ) ، لەگەڵ بیرکردنەوەکانتانم کە هەنگاوەکانتان بەرجەستە ئەکات بۆ ژیانێک کە شایەستەی ئینسان بێت ، ئەو نامەیە پڕبوو لە شارستانییەت و محیبەت کە هەموو ویست و پێویستییە سەرەتاییەکانی خەڵکی کەلاری لە خۆگردبوو ، ئەو وەڵامەش زۆر ترسنۆکانە بوو کە فیشەک بەرامبەر خەڵکانێک ئەیانەوێ لەو ئاگربارانەی کەلاردا بحەسێنەوە لەبەر کارەبە ،و بەتوندی دژ بەوەم کە لەلایەن چەند کەسێکەوە هێرش کرایە سەر دام ودەزگای مەدەنی بەتایبەتی بەریوبەرایەتی پەروردە بەهەر بیانوویەک ، هەچەندە شایتی ئەوەم کە بناییەی قوتابخانەکان سەردەمانێک بووە شوێنی یەکلایکردنەوەی سیاسی بە چەک و شێوەکانی تر ،و بەتوندتر دژ بەوکارە ناشارستانیەتەی دەسەڵات ئەوەستم کە تەقەیان کرد لە خۆپیشاندەران ، میدیا و راگایندن بە هەموو بەشەکانییەوە نەیانتوانی وەڵامی ئەو دەنگە بداتەوە کە لە سەماعەیکی دوو پاتری و ئەو دەنگەی کە لە زاری وشکبوونتان دەرئەچوو ، کە ئەنجامی بێ کارەبای و بێ ئاوییە .

خۆپیشاندانی جەماوەری کەلار ئەنجامی چیبوو؟ ئایا ئارەزووی چەند کەسێک بوو کە ئەیانویست بوونی خۆیان بدۆزنەوە؟ یان کەسانێک ئارەزوویان هەیە سنگیان بخەنە بەر رەحمەتی گولەی هاوشاری خۆیان ؟ یان ئەو خەڵکە حەزی لەئاژاوەیە و چەند ساڵ جارێک دەست ئەکەنە پەلاماری دەسەڵات ؟ نەخێر ئەمە ئەنجامی  بیرکردنەوەی خەڵگی بەئاگایە کە زۆر شارەزای دەسەڵات بوونە لە ماوەی ئەم 14 ساڵە ، رۆژ بە رۆژ ژیانیان لێ سەخت ئەبوو و دەسەڵات بەهەموو شێوەیەک نەک هەر بەشداری نە ئەکرد لە سووکردنی باری سەختی ژیانی خەڵک لەهەموو کەناڵەکانی ژیان ، بگرە ئەوەندەی تر ژیانی ئاڵۆز ئەکرد بەتایبەتی بۆ خەڵکانی بێدەرامەت ، ومرۆڤی تووشی بێ بروای  ولاواز ونبوون ئەکرد لەئەنچامی هەموو کارە ناشرینەکانی دەسەڵات ، لە شەری دەسەڵاتەوە ، لە گەندەڵی دەسەڵاتەوە و لەدابین نەکردنی سادەترین پێوەستییەکانی ژیان هەتا وەستانەوە بەرامبەر هەر نارەزاییەک ،لە سرینەوەی بەرامبەر هەتا بەهێزکردنی پاوانخوازی و تاکخوازیانە ، و لەگەڵ ئەمانەیش راگەیاندنێکی بەهێز کە هیچ کات ئامادە نەبوو بەشیوەیەکی چارەسەرانە کێشەکانی خەڵکی بخاتە روو ئەگەر فشاری خەڵکی نەبێ . ناشرین کردنی داوەکاری خەڵک کاری میدیای دەسلاتە بووە .

دوای ئەم تەقەکردنە چۆن باسی چەمکی ئازادی ئەکەن ؟ دیموکراسی و مافی مرۆڤ و باسکردنی ئەوی تر جێگەوریگەی چۆن ئەبێتەوە ؟  ئیتر چۆن باس لە پێگەیاندنی تاک ئەکەن و سوور ئەبن لەسەر ئەوەی هەموو کەس ئازادە ؟

دەسەڵات بەرپرسە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لەهەموو شتێک . ئەگەر ئاو و کارەباهەبێ ، ئینسان رێزی لێبگیرێ ، خەڵک دێتە سەرجادە ؟ پێش ئەوەی دەسەڵات باس لەسیاسەت ، نیشتمان و دیموکراسی و ئاژاوە و تێکدەر و ئازادی و شارستانییەت، تەنانت هەموو بەشە کۆمەڵایتییەکان بکات ، یان گەرەکیبێ چوار چێوەیەک دابنا بۆ ئینسان و بەگوێرەی یاسای ئەو چوارچێوەیە ئینسان هەڵسوکەوت بکات ، ئەڵێم پێش ئەمانە ، ژیانت بۆ دابین کردوە ؟ رەشپۆشانی شارەکەم ژیانیان هاوتەریبە بەگوێرەی ئاستی قوربانییەکانیان ؟ خۆراک و پۆشاک وشوێنی حەوانەوە دابین کراوە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە ؟ ئینسان هەست بە بوونی خۆی ئەکات لە ئەنجانی تێربوونی پێوەستیەکانی ژیان هەتا بیر بکاتەوە لە تێربوونی ئارزووەکانی ؟ قوتابیەکان هەموو کەرەسەی خوێندیان هەیە ؟

لەکوێەوە باسی شارەکەم بکەم ، باسی نەهامەتی جی بەشێکی بکەم ، چۆن بتوانم ئەفزەلییەت بدەمە لایەنێک و ئەو لایانەکانی کۆمەڵگەی کەلار باس ناکەم ، بادەستی نوێنەرێکی دەسەڵات بگرم کە ئەمری تەقەکردنی دا و لەگەڵی گەشتێ بکەین بەناو کەلار و بزانین ئەم 14 ساڵە دەسەڵات چی کردووە . رەنگە من نەتوانم بەقەد ئەوانەی کە ئێستا لەوێ ئەژین تەسویری ئەو دیمەنانە بکەم . 14 ساڵ تەمەنێکە ئەگەر دەسەڵات بیر لە خۆشگوزەرانی خەڵک بکاتەوە ، نەخۆشخانەکان و خزمەت گوزاری تەندروستی بە گوێرەی رێژەی دانیشتوانی کەلارە ؟ کتێبخانەکە هەر هەمان کتێبخانە نییە ؟ خۆی ئەدا لەئاستی خەڵکی کەلار بۆ پشکنین بەدوای سەرچاوەی مەعریفەت ؟ بۆ ئاوێکی سیروانمان نییە هەتا دارودارستان و باخچە هەر بوونیان نەبێ و ئەگەر لەماوەی ئەم 14 ساڵە سەر وخواریش داریان بناشتایە هەر ئێستە کەلاریان جوانکردبوو ، ئاویخواردنەوە بە ئەندازەی پێویستە ؟ ، جادەکان هەر وەک خۆیان نین ؟ چی سیمایەکی شارستانییەت لەکەلارە بەدی ئەکەی ؟ ئەو خەڵکە چاوکراوەو و خاوەن قوربانی و ئەزموونە پێان رەوانابینن کە ئەوانیش بەهرەمەندبن لە خۆشگوزەرانی و ئەگەر کاتیان هەبێ دوای پەیدا کردنی بژێوی شوێنێک هەبێ بۆ ئەوەی ئارەزووەکانیان بێنەدی ؟ چیتان کردووە بۆ توێژی رۆشنبیر و هونەرمەندان و نووسەران و کەسانی خاوەن ئامرازی دەربرین ؟ قوتابخانایک هەیە لە هەموو کەلاردا کە بنایەیەکی تایبەتی خۆی هەبێ ؟ رەنگە بە دوو قوتابخانە لەیەک بناییەدا هەر بە باشی دابنەین .

ئەمە نەیەکەم جارە و نە دوا جاریش ئەبێ ، بەراستی دەسەڵات زۆر بوێرە کە بە گولە وەڵامی کەسانێک ئەداتەوە تەنها داوای ئاو و کارەبا ئەکەن وقسەیان هەیە لەسر گەندەڵی ئیداری و ئەیانەوێ خواستەکانیان بێتە دی وەک ئینسان بژین .

لەو رەسمە دەرئەکوێ زۆر رێک و پێک زۆر شارستانییەت خۆپیشاندانەکە بەرێوەچووە .
پشتگیریتان ئەکەم بۆ بەدێ هێنانی داخوازییەکانتان . بەو شێوە شارستانییەتە .

2005–9– 10

m_o_osman@hotmail